# وەڵامێک بۆ دۆستەکەی زەکەریا (گۆران قەڵادزەیی)

ڕەنگەی من تەنها کوردێک نەبم کە دڵگران بوویێتم بەو نووسینەی کە (گۆران قەڵادزەیی) نووسیویەتی لە ژێر ناونیشانی (وەڵامێک بۆ ئەو گێرەشێوێنانەی کە ڕێز لە زەکەریا عەبدوڵا ناگرن). بە ڕاستی ئەم نووسینە زۆر دوورە لە ئاستی نووسینێکی سادە کە لەلایەن مرۆڤێکی ڕۆشنبیرەوە نووسرابێت. دەبێت کێبێت دەست باتە پێنووس و هەوڵبدات کە بێ ڕێزی بە خاک و ئاڵا و کەرامەتی خۆی و نەتەوەکەیەوە بکات.

گۆران گیان، من نە ڕقم لە زەکەریایەو نە بەغیلیشی پێ دەبەم، وە خۆشم هیچم بۆ کورد نەکردووە تاکوو بچم لاقی زەکەریا بگرم، سولەیمانیش مولکی باوکم نییە یاخوا هەر هەموویان ئەیا بە زەکەریا. من زەکەریا بە گۆرانی بێژێکی سەرکەوتوو دەزانم، دەنگی تا ڕادەیەک خۆشە، موزیکڤانێکی زانایە، بەڵام نەک ئەو هەموو ئەوکەسانەی کە تۆش و خۆشم خۆشمەوێن ناگۆڕمەوە بە تاڵە دەزوویەکی (گۆن و ژێرخۆڵکەوتووی) ئاڵای پیرۆزی کوردستان، وە هەموو ئەوانەی کەباسم کرد بەویشەوە، ئەکەمە قوربانی (نۆتەیەکی موزیک و یەک پیت لە سروودی ئەی ڕەقیب).

زەکەریا، بە کوردەوە شتە، کوردیش بە ئاڵا و ئەی ڕەقیب. تکام وایە جارێکی تر هەڵەی وا نەکەی باسی ئاڵای کوردستان و ئەی ڕەقیب و زەکەریا بکەی لە یەک ئاستدا. هەزاران کەس لە ڕێی بەها پیرۆزەکانی نەتەوەییماندا گیانیان بەختکردووە، بەڵام گەر زەکەریا پێویستی بە دڵی (گۆران قەڵادزەیی)بێت، من دڵنیام تۆ بە هەزاران (کەم) دوورەکەویتەوە لەو نەخۆشخانەیەی کە ئەوی لێیە.

هیوادارم کە دڵی هیچکامێک لە عاشقانی زەکەریام نەشکانبێت، من خۆم لەوەتەی گوێبیستی گۆرانی/سروودی (کوردستان بووم زۆرم زەکەریا خۆش دەوێت، دووبارە دەیڵێمەوە، زەکەریا بە کوردەوە هونەرمەندە، کوردیش بە کوردستان، کوردستانیش بە ئاڵاکەیوو ئەی ڕەقیبەوە ناسراوە.

**حکومەتی کوردستان پێویستە زەوی بداتە ئاوارەکانی کەرکووک**

**پێویستە، کەرکووک بهێننەوە سەر کوردستان**

**دەنا بەر ڕک و کینەی جەماوەر دەکەون**

**خۆشتان باشەزانن**

**جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەستەڵاتە**

**هەر بژین بۆ کورد**

سەركان كوردی